لە یادی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی با هەوڵەکان لە پێناو یەکخستنی نێومالّی کورد بێت

شێرکۆ حەبیب

ساتێک باس لە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکەین، بێگومان باس لە تاوانێک دەکەین کە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دراوە، ئەگەرچی گەلی کورد بێتاوان بوو بە قوربانی ئەم تاوانە و سەدان تاوانی دیکەی دژ بە مرۆڤایەتی، هەر لە بێ سەروشوێن کردنی هەزاران کوردی فەیلی، هەزاران بارزانی و 182هەزار تاکی کورد لە کردەوەی بەدناوی ئەنفال، و جگە لە سەدان تاوانی دیکەی دەرهەق بە میللەتێکی ستەمدیدە کراوە. بێگومان ئەم تاوانانە لە روانگەی هزر و بیر و تێڕوانینی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی ئەنجام دراوە، بەو هیوایەی کە کورد لەسەر خاکەکەی زیندەبەچاڵ بکرێت و ببێت بە کۆیلەی ئەو بڕوچوونە نامرۆڤایەتییە.

هەڵەبجە زامێکی مەزنە لە جەستەی گەلی کوردستان، چارەسەری ئاسان نییە، بەڵکو مەحاڵە لە یاد و هزری هیچ کوردێکی دڵسۆز فەرامۆش بکرێت، نەک هەر تەنیا ئەم تاوانە بەڵکو سەرجەم تاوانەکانی دەرهەق بە میللەتێکی ئاشتیخواز کراون، نەخاسمە لە کات و ساتێکی وەک ئێستا کە پەرت و بڵاوی لە نێومالّی کورد بەدیدەکرێت، ئەمەش زامەکانی زێدەتر قوڵ کردۆتەوە، لە ساتێک پێویست بوو هەڵەبجە و سەرجەم ئەو تاوانانەی دیکە هاندەرێک بوونایە بۆ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرجەم تاکێکی کوردستانی لە سەربەخۆیی و بونیادنانی گیانێکی نەتەوەیی و یەکهەڵوێستی لە مافەکانی نەتەوەیی و یەکدەنگی لە ئاست ئەو ناکۆکییانەی ئێستا لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە ئارا دایە.

گومان لەوە دانییە پەرتەوازەیی هەڵوێستی لایەنە کوردستانییەکان دەبێتە هۆکارێک بۆ زاڵبوونی نەیارانی میللەتەکەمان و ئەنجامدانی تاوانی دیکە دەرهەق بە کوردستان، هەروەک دەبینین لە رابردوو کیمیا و ئەنفال و ڕاگواستن، و ئەمڕۆش بریندی قوتی هاوڵاتی کورد، هەوڵی دووبەرەکی نێوان لایەنەکانی کورد، و دابەش بوون بەسەر دوو بەرە و دوو بۆچوونی جیاواز کە لە ئاکامدا تەنیا زیانی بۆ کورد و زاڵبوونی نەیارانی لێ دەکەوێتەوە.

ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستیمان بە یەکڕیزی هەیە بۆ ئەوەی ڕۆحی ئەو شەهیدە نەمرانە ئاسوودە بێت، و هەموو پێکەوە بەیەک دەنگ و هەڵوێست مەشخەڵی سەربەخۆیی هەڵگیرسێنین و پشتیوانی هەڵگری ئەو مەشخەڵە بین کە ئەویش سەرۆک بارزانییە، کە ئەمڕۆ خەباتی لەبڕی هیوا و ئاواتی هەموو کوردێکی دڵسۆزە بۆ نیشتمان و هەروەک بەدرێژایی نیو سەدە خەباتی نەپساوی لە پێناو ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیانە، تا ئەوەی بە خوێنی ئەو شەهیدانە دابین کراوە و ئەمڕۆ لە ئارادایە بپارێزین، با سالیادی تاوانی هەڵەبجە ببێتە دروشمی تەبایی و بەلاوەنانی ناکۆکییەکان.

سنووردار بۆ داگیرکارییەکانی پەیەدە لە ڕۆژئاوا دادەنرێت

فەرماندەی لیوای 7ی پیادەی سۆران سەربە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، هەرێمی کوردستان هێشتا لەژێر هەڕەشە و مەترسی داعشدا ماوە و بەردەوام لە ئامادەباشی دان، هاوکات هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەیی تەواوی هەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەڕەشەیەک بۆسەر خاک و خەڵکی هەرێمی کوردستان.

سنوورەکان بەهێز کراون بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر ئەگەرێک

فەرماندەی لیوای 7ی پیادەی سۆران سەربە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، لیوا بەهرام عەریف یاسین لە لێدوانێکدا گوتی: ئەو هێزانەی کە لەسەر سنووردکانی هەرێمی کوردستان جێگیر کراون لە سنووری موسڵ بۆ ئەوەیە کە نازانرێت لە دوای پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ ناوچەکە و هەرێمی کوردستان بە چ ڕەوشێکدا تێپەڕدەبێت، بۆیە لە ئێستادا سنووردکان بەهێز کراون بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر ئەگەرێک. سەبارەت بەوەی کە هەرچەندە هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سەربەخۆیی نزیکتر ببێتەوە هەڕەشەکان بۆسەر هەرێم زیاتر دەبن ئەو فەرماندەیەی هێزی پێشمەرگە ڕایگەیاند: پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا لە وردەیەکی بەرزدان و ئەو چەک و سەنگەرەی کە پێشمەرگە پێشتر هەیبوو زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ئێستا.

پێشمەرگەکانی لەشکری ڕۆژ

ناوبراو هەروەها گوتی: بە تۆندی ڕووبەڕووی هەر هەڕەشە و هێرشێک بۆسەر هەرێمی کوردستان دەبینەوە، لەبەر ئەوە هێزی پێشمەرگە ئامادەکاری تەواوی کردووە بۆهەر ئەگەرێک کە ڕووبدات. سەبارەت بە گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی لەشکری ڕۆژ بۆ ڕۆژئاوا، لیوا بەهرام عەریف یاسین گوتی: پێشمەرگەکانی لەشکری ڕۆژ ئامادەکراون و بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان کراوە، ناوچەیەکی ئارام دروست دەکرێت و بۆ ئەوەش سوود لە لەشکری ڕۆژ وەردەگیرێت بۆ پاراستنی ڕۆژئاوا، چونکە ئەمانە هێزێکن خەڵکی ئەوێن و مافی خۆیانە پارێزگاری لە خاک و خەڵکی خۆیان بکەن، هاوکات ئەو داگیرکارییانەی کە پەیەدە لە ڕۆژئاوا دەیانکات بێگومان سنووردێکیان بۆ دادەنرێت.

-ئاوەدانکردنەوەی باشیک

بەهرام عەریف یاسین لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە ئاوەدانکردنەوەی باشیک کرد و گوتی: هەوڵمان داوە بەهەماهەنگی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگا خێرخوازییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا بۆ ئەوەی ئەو ڤیرانکارییانەی کە لە باشیک و دەوروبەری ڕوویانداوە جارێکی دیکە خزمەتگوزاری و ژێرخان بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێنینەوە و خەڵکی ئەو ناوچانەش بگەڕێنەوە شوێنەکانیان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش هاوکاری تەواوی ئەم خەڵکە دەبێت، هەروەها هێزی پێشمەرگەش بەبێ جیاوازی پارێزگاری لە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم ناوچانە دەکات.

شنگال ناوچەیەکی کوردییە و لە ژێر بڕیار و فەرمانی حکوومەتی هەرێمدایە

فەرماندەی لیوای 7ی پیادەی سۆران، لیوا بەهرام عەریف یاسین سەبارەت بە بوونی چەکدارانی پەکەکە لە شنگال گوتی: پێویستە پەکەکە ڕێز لە ئیرادەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی بگرێت، شنگال ناوچەیەکی کوردییە و لە ژێر بڕیار و فەرمانی حکوومەتی هەرێمدایە، هیچ پێویست بەهەبوونی پەکەکە لەو شوێنە ناکات، بۆیە ئێمە داوایان لێ دەکەین بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەک دروست نەبێت شنگال چۆڵ بکەن، چونکە هەرێمی کوردستان لە شەڕدایە لە دژی تیرۆر و ناوچەکە و هەرێمی کوردستانیش بە ڕەوشێکی هەستیاردا تێپەڕدەبێت.

ئاسایشی شنگال:

پەکەکە نزیکەی 200 منداڵی ئێزدییانی بردوونەتە قەندیل

بەڕێوبەری ئاسایشی شنگال دەڵێت، پەکەکە لە شنگال نزیکەی 200منداڵی کوردی ئێزدی بردوونەتە قەندیل و ڕێیش نادات کەسوکاریشیان سەردانیان بکەن. بەڕێوبەری ئاسایشی شنگال قاسم سمۆ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پەکەکە لە شنگال ژمارەیەکی زۆری منداڵی خوار 18ساڵیی کوردانی ئێزدی بردوونەتە قەندیل و چەکداری کردوونە، ک دژمارەیان نزیکەی 200منداڵ دەبێت. قاسم سمۆ دەشڵێ، ئەگەرچی بەردەوام هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەو منداڵانە دەدەن کە پەکەکە بردوونی، بەڵام ئەوانەی کە بردوویانننەتە قەندیل، دەستی ئەوانی ناگاتێ و گێڕانەوەیان زۆر زەحمەتە. بەڕێوبەری ئاسایشی شنگال زانیاریی دا، "جگە لەو ژمارەیە، ژمارەیەکی زۆریشمان لە دەستی ئەوان ڕزگار کردوونە، مەبەستم ئەو منداڵانەنەن هێشتا لە سنووری شنگال بوونە و ڕادەستی کەسوکاریانمان کردوونەتەوە. " سمۆ هەروەها گوتی، پەکەکە ئەو منداڵانەی ڕفاندووننی، ڕێی دیداریان لەگەڵ کەسوکاریان لێ قەدەغە دەکات، ئەمە سەرباری ئەوەی کە کەسوکاریان داوای گەڕانەوەیان دەکەن.

هێزەکانی عێراق ناوچەی موسڵ جەدیدەیان بەتەواوی کۆنترۆڵکردەوە

ئەفسەر لە هێزەکانی دژە تیرۆر، موقەدەم بورهان مزاحم عەبدلی ڕایگەیاند کە هێزەکانیان ناوچەی موسڵ جەدیدەیان لە بەشی ڕاستی شارەکە بەتەواوی کۆنترۆڵکردەوە. لە لێدوانێکدا بورهان مزاحم عەبدلی گوتی: بەیانی دوێنێ یەکشەمە، هێزەکانی دژە تیرۆر هێرشیانکردە سەر کۆڵانی مزگەوتی فەتح عەلی کە دوا شوێنی داعش بوو لە ناوچەی موسڵ جەدیدە. ئەفسەرەکە ئاماژەی بەوەشدا کە لە دوای شەڕ و پێکدادانێک کە بۆ دووکاتژمێر بەردەوام بوو، هێزەکانی دژە تیرۆر ناوچەکەیان بەتەواوی کۆنترۆڵی کردەوە و ئالای عێراقییان لەسەری بەزرکردەوە. ناوبراو ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لەمیانی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەی موسڵ جەدیدە هێزەکانی دژە تیرۆر، 14چەکداری داعش کوشتووە و دەستیشیان گرتووە بەسەر ژمارەیەک چەکی ماموناوەندی و ئامێڕی پەیوەندی بێ تەل. ئەفسەرەکەی دژە تیرۆر دووپاتیشی کردەوە کە هێزەکانیان، 90لەسەدای ڕووبەری باشووری بەشی ڕاستی موسڵیان کۆنترۆڵکردووەتەوە.

ئیحسان ڕێکانی:

چەکدارانی پەکەکە لە هەوڵدان ئەو پێکهەوژیانەی هەرێمی کوردستان تێکبدەن

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام/ لقی دهۆک، ئیحسان ڕێکانی ڕایگەیاند، داوا لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەم پێکەوە داوا لە پەکەکە بکەن لە تەواوی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە شارۆچکەی شنگال دەربچن، چونکە بوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان بەزیان لەسەر هەموو پێکهاتە ئایینی و ئامانجە نەتەوەییەکانی هەرێم دەشکێتەوە.

دەستوەردانی پەکەکە لە کاروباری هەرێمی کوردستان

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام/ لقی دهۆک، ئیحسان ڕێکانی لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی: هەرێمی کوردستان هەر لە کۆنەوە تا ئێستا برایەتییەکی یەکجار گەورە لەنێوان پێکهاتە ئایینی و نەتەوییەکانی هەبووە، نزیکترین نمونەشمان پارێزگای دهۆک کە بەشاری پێکەوە ژیان بەناوبانگە، چونکە موسوڵمان، کریستیان، ئێزیدی و هەموو ئایین و ئایینزاکان بەتەبایی لە پارێزگاکە و تەواوی هەرێمی کوردستان دەژین، هەرچەند کەسانێک هەبوون هەوڵی ئەوەیاندەوە کە کێشە لەنێوان پەیڕەوانی ئایینە جیاوازەکان بنێنەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا لە سایەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هیچ و هەوڵ و پلانێک سەرکەوتوو نەبووە. گوتیشی: لە کاتێکدا خوێنی هەموو ئایینە جیاوازەکان لە پێناو پاراستنی هەرێمی کوردستان تێکەڵ بووە، بەداخەوە چەکدارانی پەکەکە لەژێر چاودێری و پلانی وڵاتان لە هەوڵدان ئەو پێکەوە ژیانەی هەرێمی کوردستان تێکبدەن، دەستوەردانی پەکەکە لە کاروباری هەرێمی کوردستان و دروستکردنی جۆرەها فیتنەیە لەنێوان پێکهاتە ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان و هەروەها بۆ دواخستن یان شکستهێنانی پرۆژەی دەوڵەتی کوردییە.

نابێت ئێزدییەکان بەدرۆیەکانی پەکەکە هەڵبخەڵەتێن

ئیحسان ڕێکانی دەڵێت: پێویستە کوردی ئێزدی قبوڵی نەکەن پەکەکە پەروەردەیان بکات و دژی هەرێمی کوردستان بەکاریان بهێنێت، هەروەها ئەرکە لەسەر هەر تاکێکی کوردی ئێزدی کاتێک پەکەکە فێریان دەکات بڵێن ئێزدی کورد نین بەپەکەکە بڵێن "ئێوە درۆ دەکەن" دەبێت بەرگری لە کورد بوونی خۆیان بکەن بەفرۆفێڵەکانی پەکەکە لەسەر ڕێ نەچن. دەشڵێت: جێگەی سەرسوڕمان و پێکەنینە پەکەکە کوردی ئێزدی وا پەروەردە کردووە بڵێت ئێمە کورد نین، ئێمە تەنها ئێزدین. ئەگەر کورد نەبن بۆچی بەکوردی قسە دەکەن، بەزمانی عەرەبی، فارسی، تورکی قسە بکەن. بەڵام ئەو هەوڵەی پەکەکە یەکێکی تر لە شکستەکانی لە هەرێمی کوردستان.

پەکەکە لە هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی پلانی داعش تەواو بکەن

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام/ لقی دهۆک ئاماژەی بەپلانگێڕییەکانی پەکەکەدا و گوتی: گرووپی چەکداری پەکەکە بەئاشکرا بۆ هەموو دونیا بڵێت پڕۆژەی دەوڵەتی کوردی لە بەرنامە، ڕەوشت و بیری ئێمەدا نییە، کەواتە بۆ تێکدانی پڕۆژەی دەوڵەتی کوردی لە هەرێمی کوردستان و ناوچە جیاجیاکان خەڵک دەکوژن و هەڕەشە دەخە سەر خەڵکی سڤیل، منداڵ دەڤڕێن، ڕێگری دەکەن و کوردی ئێزدی وا پەروەردە دەکەن بڵێن ئێمە کورد نین، هەموو لایەکمان بەردەوام هەرچی کارێکی ناڕەوا لە دەستیان بێت دەیکەن، بۆیە پەکەکە لە هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی پلانی داعش تەواو بکەن، ئامانجە هاوبەشەکەش ئەوەیە دژی پێکەوە ژیان و دەوڵەتی کوردی خەبات بکەن.

ئەوانەی ئالای کوردستان دەسووتێنن، کورد نین

لە بەشێکی دیکەی چاوپێکەوتنی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام/ لقی دهۆک باس لە سووتاندنی ئالای کوردستان لەلایەن پەکەکە دەکات و دەڵێت: سووتاندنی ئالای کوردستان لەلایەن چەکدارانی پەکەکە بێ ڕەوشتییە، چونکە ئالا کەرامەتی هەر نەتەوەیەکە. ئەو ئالایە ئالای پارتێکی سیاسی نییە کە ئەندامانی خۆی لەژێر سێبەرەکەی کۆ بکاتەوە. ئالای پارتی دیموکراتی کوردستان زەردە و ئالای یەکێتی سەوزە حزبەکانی دیکەش هەر ئالای خۆیان هەیە هەموویان لەژێر ئالای کوردستانن، نەک وەک چەکدارانی پەکەکە و لقەکانی کە 30ئالای هەیە، کەچی ئالای کوردستانی لەنێودا نییە. ئەو دەشڵێت: کاتێک دەبینین تورکیا لە بری فەرشی سوور، فەرشی شین لە پێشوازی شاندی وڵاتان ڕادەخات وەک ڕێزلێنان لە ڕەنگی سووری ئالای وڵاتەکەی، جێگەی خۆشحاڵییە چونکە بەرگری لە ئەرزشی ئالای وڵاتەکەی کردووە، پێویستە ئێمەش هەموو لایەکمان بەردەوام بەرگری لە ئالای خۆمان بکەین.

ڕێکانی داوایەک لە لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت: با هەموو لایەنە سیاسییەکان پێکەوە دەست بخەینە ناو دەستی یەکتر داوا لە پەکەکە بکەن لە تەواوی هەرێمی کوردستان دەربچن بەتایبەتی لە شارۆچکەی شنگال، چونکە بوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان بەزیان لەسەر هەموو پێکهاتە ئایینی و ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد دەشکێتەوە. سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام/ لقی دهۆک، ئیحسان ڕێکانی بێبەش نەبووە لە زیانەکانی چەکدارانی پەکەکە و یەکێک لە بیرەوەرییە تاڵەکانی خانەوادەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: پەکەکە بڕای گەورەی شەهید کردم لە ساڵی 1996کاتێک پەکەکە هێرشی هێنایە سەر هەرێمی کوردستان لە کۆڵانەکانی سەرسنگ، قدش، شیلادزێ و ئامێدی بلاوبوونەوە و خەڵکییان دەستڕێژی گوللە کرد، یەکێک لەوان برا گەورەی خانەوادەکەمان بوو، من یەکێکم لەو مرۆڤانە کە ڕۆژ تاڵیم چەشتووە بەدەست پەکەکەوە، جێگەی داخە پەکەکە جارێکی دی بێت ئەمە لە هەرێمی کوردستان دووبارە بکاتەوە و کۆمەڵێک منداڵ بێ باوک بکات.

بێریوان خەیلانی:

ناونووسکردنی گەنجانی کورد بۆ نێو حەشدی شەعبی پیلانێکی دیکەی بەرنامە بۆداڕێژراوە

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت، ناونووسکردنی گەنجانی کورد بۆ ڕیزەکانی حەشدی شەعبی مەترسیدارترین پیلانە، لەلایەن دوژمنانی کوردەوە داڕێژراوە و هیچی لە مەترسییەکانی داعش کەمتر نییە. چونکە ئەم پیلانە نوێیەی دوژمنانداوە سەربەخۆیی کوردستان و تاکی کورد بە تامانج گیراوە. دوژمنانی کورد لەڕێی دەست و پێوەندەکانیانەوە دەستیان داوەتە ئەم پرۆسە پیلانێکی دیکەیە، کە دژی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت. د. بێریوان خەیلانی بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: دوژمنانی کورد، خۆیان عێراقیان کاول کرد و، چاویان بڕیوەتە ئارامیی هەرێمی کوردستان. ناونووسکردنی گەنجانی کورد بۆ ڕیزەکانی حەشدی شەعبی مەترسیدارترین پیلانە، لەلایەن دوژمنانی کوردەوە داڕێژراوە و هیچی لە مەترسییەکانی داعش کەمتر نییە. چونکە ئەم پیلانە نوێیەی دوژمنانداوە سەربەخۆیی کوردستان و تاکی کورد بە تامانج گیراوە. دوژمنانی کورد لەڕێی دەست و پێوەندەکانیانەوە دەستیان داوەتە ئەم پرۆسە مەترسیدارە و هەوڵی پەلکێشکردنی گەنجانی کورد بۆ نێو ڕیزەکانی حەشدی شەعبی دەدەن. د. بێریوان خەیلانی جەختی کردەوە: دەبێ سەرکردایەتیی سیاسیی کورد هەرچی زووە بکەوێتە خۆ و ناکۆکییەکانیان وەلا بنێن و یەک بگرن، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەم پیلانە مەترسیدارەی دورژمنان ببنەوە، چونکە ئەم بابەتە تەشەنە بکات، بەئاسانی چارە ناکرێت و زۆر مەترسیدارە. دوژمنانی گەلی کورد قەیرانی دارایییان قۆستووەتەوە و دەیانەوێت بە پارە و مووچەی چەور خەڵک بۆ جاشایەتی پەلکێش بکەن. پێشتر ئەم پیلانە بەسەر سوونەکاندا جێبەجێ کراوە و بەشێکی زۆریان چاوبەست کردوون و لە ڕیزەکانی حەشدی شەعبیدا دایانەزراندوون و ئێستا لەدژی سوننە بەکاریان دێنن. ئەو ئەندامە کوردەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕوونیشی کردەوە: چەند لایەنێکی کورد پشتگیریی پیلانەکانی مالیکی دەکەن، مالیکیش پیلانی داڕشتووە، کە بڕەو بە هیزی حەشدی شەعبی بدات و لە هێزی سەربازیی عێراق بەهێزتری بکات. خۆ مالیکی بەو هێزە شڕەی جارانی ئەوەندە هەڕەشەی لە هەرێم دەکرد، ئەگەر لەدەستی بێت هەموو شتێک لەدژی هەرێم دەکات. بۆیە لە هەمووشی مەترسیدارتر ئەوەیە، کە تاکی کورد لە دژی کورد بەکار بهێنێت.